ژنیـــک

دەگا بە خەمی گینگڵا خواردوو لە خوێنی تۆدا ..؟

پاش کشانی هەناسەی دەریا هەزاران هێلکە شەیتانۆکە و

گوێ ماسی..

دەکەونە سەر لمی رۆخانە

پاش هەنسك و داڕسانی خەم لە رۆحدا

هەزار تنۆك رۆندکی رەش دەڕژێنە سەر ئەو کوڵمانە

تۆ دەستی من دەتشەمزێنێ

ئەو تریفەی مانگ دەیهەژێنێ

کە دەریا دەنوێ ناخوداکان دەچنە نێو خەونی خۆشی ئاوەوە

بۆ قەت نەبووە تۆ لە خەونێکتا جێم کەیتەوە؟

کەس .. هیچ کەس نایزانێ لە کوێوە بوو زەریاکان ..

سەر ئەم ئەستێرەیان داگیر کرد..

تۆش ئەم دڵە پەژموردەی من ؟

کەی دەستی پێکرد و .. کەی کۆتایی دێ

هەروەك عیشقی من؟

نە ئەو بە خەون و خولیای نەورەسە خنکاوەکانی خۆی دەزانێ

نە تۆش بە سترانی نەخۆش و ..

لاوکە بریندارەکانی من

کەس نازانێ پاش هێوربوونەوەی هەراکانت

پاش هێمنی هەناسەی هاری ئەو

چ گێژەن و .. چ شۆڕشێکی خوێناوی وا بە تووڕەیی ..

دەتەقێتەوە ..؟

حاڵی شێتانەی هەردووکتان ..

نە من تێیدەگەم

نە خوداوەندی زەریا و .. نە ماسی و نەهەنگ

نە فریشتەکانی ئاسمان ..!

1996/3/3